هەرکەسێک بانگەشە بکات بۆئەوەی (کوڕی) یەکێکی تر‌ە جگە لە باوکی خۆی -ولە کاتێکدا دەزانێت ئەوە باوکی نییە-؛ ئەوا بەهەشت حەرامە لەسەر ئەم کەسە

لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بانگەشە بکات بۆئەوەی (کوڕی) یەکێکی تر‌ە جگە لە باوکی (ڕاستەقینەی) خۆی -ولە کاتێکدا دەزانێت ئەوە (بانگەشەی بۆ دەکات) باوکی نییە-؛ ئەوا بەهەشت حەرامە لەسەر ئەم کەسە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە هاتووە بۆ ئاگادارکردنەوە لەسەر کردەوەیەک کە خەڵکی لە سەردەمی جاهیلیەت (لە پێش ئیسلامدا) دەیانکرد؛ ئەویش بریتی بوو لەوەی کەسێک بانگەشەی دەکرد کەسێکی تر باوکیەتی جگە لە باوکی ڕاستەقینەی خۆی سەرەڕای ئەوەیشی دەیزانی ئەم بانگەشەیەی درۆیە وحەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێک ئەم کارە ناڕەوایە بکات، مرۆڤ دەبێت لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە خۆی بداتە پاڵ باوکی وباوباپیرانی ڕاستەقینەی خۆی، بۆ نمونە ئەگەر باوکی لە هۆزێکی دیاریکراو بوو وکەسەکە پێی وا بوو ئەم هۆزە گرنگی وناوداری کەمترە لە هۆزێکی تر؛ بۆیە دەڕوات خۆی دەداتە پاڵ هۆزە بەهێزەکە بۆئەوەی ڕەچەڵەکی ناودار بێت وخەڵکی تانەی لێنەدەن بەهۆی هۆزە ڕاستەقینەکەی، هەرکەسێک ئەم کارە بکات؛ هەڕەشەی لێکراوە بە قەدەغەکردنی لە چوونە بەهەشت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6376

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee